نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لەئایدن مەعرووف وەزیری کاروباری پێکهاتەکانی کرد

ئێوارەی ئەمڕۆ سێشەممە (24ـی تشرینی یەکەمی 2023)، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لەئایدن مەعرووف وەزیری کاروباری پێکهاتەکانی حکومەتی کاربەدەستی هەرێمی کوردستان کرد.

بەپێی نوسینگەی راگەیاندنی سەرکایەتی هەرێم هاتووە، "لەدیدارەکەدا هەردوولا دەربارەی دۆخی پێکهاتەکان لەهەرێمی کوردستان بیروڕایان گۆڕیەوە"، هەروەها ئایدن مەعرووف پوختەیەکی دەربارەی چەند لایەنێکی پەیوەندیدار بەدۆخی پێکهاتەنەتەوەیی و ئایینییەکان و ئامادەیی و ڕێیان لەژیانی سیاسی و کارگێڕیی وڵاتدا خستەڕوو.